سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
نقابة مهندسي كوردستان

یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان
KURDISTAN CONTRACTORS UNION
إتحاد مقاولي كوردستان

# ڕێککەوتننامەی هاریکاری هاوبەش (اتفاقية التعاون المشترك)

## لە نێوان سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان/ ئەنجومەنی سەندیکاو یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان/ دەستەی باڵا هەرێمی کوردستان - هەولێر - عێراق.

### پێشەکی:

لەسەر بنەمای بیرۆکەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستانو پێشوازی لێکردنی لەلایەن یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان لە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوانمان لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی (2018/8/4)و لە پێناو بەرژەوەندی گشتیو بەرژەوەندی ئەندامانی هەردوولا، ئەم ڕێککەوتننامەیە لە ڕۆژی (یەکشەممە)ی ڕێکەوتی (2019/1/20) واژۆ کرا.

### هۆکارەکانی ڕێککەوتن:

لەژێر ڕۆشنایی برگەی (4)ی ماددەی سێیەم لە یاسای ژمارە (15)ی ساڵی (1999)ی (یاسای سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان)و برگەی (4)ی ماددەی (20)ی پەیڕەوو پڕۆگرامی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان)، پەسندکراو لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نووسراوی ژمارە (5001) لە (2008/4/15)، بەهۆی بوونی چەند خاڵێکی هاوبەشی پیشەییو کارکردنی مەیدانی لە بەینی هەردوولا، لەسەر بنەمای برگەو ماددەکانی ئاماژەبۆکراو لە سەرەوە، لە پێناو بەرژەوەندی گشتیو بەرژەوەندی ئەندامانی هەردوولاو یەکخستنی تواناکانمان لەو بوارانەی پەیوەستە بە کارو چالاکیەکانی هەردوولامانەوە، لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەم ڕێککەوتننامەیە ئەنجامدراوە:-

### خاڵەکانی ڕێککەوتن:

1. ڕێکخستنی پەیوەندیەکانمان لە چوارچێوەیەکی فەرمیدا لەپێناو بەرژەوەندی هەمەلایەنەی هەردوولا.
2. لە چوارچێوەی یاساو ڕێساکانی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان، پشتگیری کردن لە یەکتری بەرامبەر بە هەر هەنگاوێك لە هەر لایەنێکەوە بێت کە پێچەوانەی ئەو بنەما یاساو ڕێساییانە بێت.
3. لە هەر کۆڕو کۆبونەوەیەکی فەرمیو غەیرە فەرمی، بەرگری کردن لە یەکتری بەرامبەر بە ناهەقیەکان.
4. لەکاتی ئامادەنەبوونی هەر لایەنێك لە کۆڕو کۆبوونەوەیەك، لایەنی تر نوێنەرایەتی دەکات بۆ ئەم مەبەستانە.
5. لە کاتی هەڵوێست وەرگرتنی هەر لایەنێك بەرامبەر بە کارێکی ناڕەوا، هاوکارو یارمەتیدەر دەبین بۆ یەکتری.
6. دەرکردنی بەیاننامەی هابەش بۆ هەر بابەتو هەڵوێستو پشتگیریەکی پێویستو پەیوەست بە هەردوولا.
7. هاوپەیمانی هەردوولا گەر مەبەستیان بێت، ناڕاستەوخۆ دەبن بە هاوپەیمانی ئەم ڕێککەوتنە.
8. بەپێی بەرژەوەندی هەردوولا، گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنی تری پەیوەندیدار بۆ هاتنە ناو ئەم ڕێککەوتنە.
9. ئەنجامدانی کۆبوونەوەو بڕیاردان لەسەر هەنگاونان بۆی بۆ هەموو ئەو بابەتو خاڵانەی بە پێویست بزانرێن.
10. لەکاتی ئاسایی، ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هاوبەش هەر (3-4) مانگ جارێكو بۆ حاڵەتێکی پەلەو نائاساییش بەپێی گرنگی بابەتەکە، کۆبوونەوە ئەنجام دەدرێت هەرجارەی لە بارەگای لایەنێك.

Address: Erbil - Kurdistan Region - Erbil
Mobile, Erbil: 07504456330 - 07504532197
Web: www.andazyar.org
Email: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

Address: Erbil - Kurdistan Region – Erbil
Mobile: 07507627080 - Tel: 0662569930
Web: www.kcu.org
Email: balakcu@yahoo.com

یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان
KURDISTAN CONTRACTORS UNION
إتحاد مقاولي كوردستان

سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
KURDISTAN ENGINEERS UNION
نقابة مهندسي كوردستان


11. لەکاتی پێویستو لەسەر ئەم کلێشە هاوبەشە، ئاراستەکردنی نووسراوی هاوبەش بۆ کارە هاوبەشەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستانو عێراقو دەرەوەی عێراقیش.
12. کارکردن بۆ لێك تێگەیشتنی ئەندامانی هەردوولا کە ئەوان تەواوکەری یەکترینو هەردوولا یەك ئامانجیان هەیە ئەویش جێبەجێ کردنی پرۆژەکانە لە کەرتی گشتیو تایبەت بەپێی مەرجە ئەندازەییەکان.
13. داکۆکی کردن لە مافی راستەقینەی ئەندامانی هەردوولا لەکاتی پێشێل کردنی مافی هەر ئەندامێك لەم دوو رێکخراوە لەلایەنی سێیەمەوە.
14. هەوڵدان بۆ کردنەوەی خوولی هاوبەش بۆ ئەندامانی هەردوولا بە مەبەستی زیادکردنی زانیاری پێویستو لەیەك نزیکبوونەوەی ئەندامانی هەردوولا.
15. بوار کراوەیە بۆ هەردوولا بۆ زیادکردنی هەر خاڵێکی تریش کە بە پێویستو بەرژەوەندی بزانرێ لە داهاتوودا لە پاشکۆیەك بۆ ئەم رێککەوتنە.
16. هەردوولا، لەپێناو بەرژەوەندی هاوبەش، پابەندبوونی خۆیان بۆ ئەم خاڵانەی سەرەوە دەربڕی.
17. لەکاتی پابەندنەبوونی هەر لایەنێك بەم رێککەوتنە، دوای گفتوگۆکردنی هاوبەش لەسەر پابەندنەبوونەکان، گەر دانوستاندنەکان ئەنجامی ئیجابی نەبێت، رێککەوتنەکە هەڵدەوەشێندرێتەوە.
18. لە رۆژی واژۆکردنیەوە کاری پێدەکرێتو دەگشتێندرێو لە ماڵپەری هەردوولاو تۆرە کۆمەڵایەتیەکان بە فراوانی دادەبەزێندرێت.

رزگار جمال كريم
یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان
2019 / 1 / 20

عبدالرحمن علی کوردە
سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان
2019 / 1 / 20

KEU
KURDISTAN ENGINEERS UNION
2000


Address: Erbil - Kurdistan Region - Erbil
Mobile, Erbil: 07504456330 - 07504532197
Web: www.andazyar.org
Email: aakurde@yahoo.com & info@ andazyar.org

Address: Erbil - Kurdistan Region – Erbil
Mobile: 07507627080 - Tel: 0662569930
Web: www.kcu.org
Email: balakcu@yahoo.com